# سیرین لەیەکەمین بەرهەمی سینەمایی دا دەردەکەوێ



هونەرمەند سیرین عەبدولنور، هونەرمەندی لبنانی دوای ئەزموونی مۆدێلیستی جلوبەرگ هەنگاوی گۆرانی گوتنی هەڵگرتۆتەوەو خۆیشی بە سەرکەوتوو دەزانێ. لە دوایین دیداری خۆیدا راشکاوانە رایگەیاندووە کە ئەو گۆرانیبێژەو چاوەش نیە، زۆریش حەز لە هونەری گۆرانیبێژی دەکات و باوەڕیشی بە تامیکردن و دەرخستنی جەستەو سەماکردن لە کاتی گۆرانی گوتندا نیە.

سیرین لە بەرنامەی بەیانی کەناڵی ئەلعەرەبیە دا گوتی: ئەگەر ناچار بکرێ لە نێوان هونەر و ماڵدا یەکێک هەڵبژێرێ ، ئەو خێزان و بەخێوکردنی منداڵ بە پەسندتر لە بەهای هونەری و ناوداری دادەنێ، چونکە جەماوەری هونەر تا سەر وەفادارنین، بەڵام خۆشەویستی و باوەشی گەرمی خێزان پەناگەیەکی هەمیشەییە.

سیرین راشکاوانە گوتی : زۆربەی هونەرمەندانی عەرەب پێویستیان بە پزیشکی دەروونی هەیە، چونکە وەدەست هێنانی ناوبانگ بۆتە نەخۆشی و زۆربەی هونەرمەندانی گرتۆتەوە، تەنانەت هەندێکیان ئامادەن بازرگانی بە جەستەی خۆیانەوە بکەن، پڕۆسەی تامیکردن و رووتکردنەوەی جەستەیان بەکار دەهێنن، ئەمەش لە رەفتاری هونەرمەند ناوەشێتەوە و لە نرخی کەم دەکاتەوە .

سیرین خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە پاش هەفتەیەکی دیکە دیمەنی یەکەمین بەرهەمی سینەمایی لەگەڵ هونەرمەندان " عومەر شەریف و خالید نەبەوی" وێنەی دەگیرێ ،ئەمەشی بە ئەزموونێکی گۆڕانکاری بابەتی و دەروازەیەکی نوێ بۆ ژیانی هونەری نرخاند.

سیرین دەڵێ : من زۆر رقم لە دەنگۆی درۆیین دەبێتەوە، جارێک دەڵێن لە دەستگیرانەکەی جیابۆتەوە، جارێک دەڵێن کاتی زەماوەندی بەدواخستووە، بەڵام داهاتوو هەموو راستیەکان دەردەخات .

## بڵاوکراوەی نوێ



# وڵاتی پێرۆ لە ترسی مشک ڕەوشی ئاوارتە رادەگەیەنێ





هەواڵەکان: سێ شەممەی رابردوو حکومەتی پیرۆ رەوشی ئامادەباشی لەبەرانبەر هێرشی مشکەکان راگەیاند، چونکە شەش شوێنی وڵاتی پیرۆ کە لیمای پێتەخت یەکێک لەوان بوو بەهۆی هێرشی مشکەوە دووچاری زەرەرو زیان هاتبوون

وتەبێژی بەڕێوەبەرێتی لەشساغی و کشتوکاڵ رایگەیاند کە بەهۆی گۆڕانی خێرانی پلەی گەرما، مشکەکان بە شێوەیەکی لە رادەبەدەر زاوزێتان کردووە و ژمارەیان زیادی کردووە، بەهۆیەوە بە لێشاو هێرشیان بۆسەر دانیشتووانی وڵات دەست پێکردووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان بەهۆی هێرشی مشکەوە زیان بە سەدو پەنجا هەزار کەس و سێ و دوو هێکتار زەوی گەیشتووە کە کۆی گشتی زیانەکان بە پێنج ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ . بەهۆیەوە بۆ ماوەی سێ مانگ رەوشی ئاوارتە لە وڵات راگەیاندراوە .

# پیاوێک لەبەردەم هەیفا وەهبی خۆی رووت دەکاتەوە





هەواڵەکان: شەوی پێنج شەممە لە کاتێکدا کە هەیفا وەهبی لە شەو ئاهەنگێکی لبناندا سەمای دەکردو گۆرانی دەگوت هونەرمەندێکی سینەمایی ئەمریکا هێندە پێی سەرسام بوو، ئاگای لەخۆی نەما، وای زانی لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ هەیفا سەما دەکات، جلەکانی خۆی لەبەرکردەوەو ویستی پەلاماری هەیفا بدات، هەیفا زۆر تێکچوو، ئامادەبووانیش هەموویان لە قاقای پێکەنینان دا، بەمەش شەرمەزاری و ریسوایی بۆ هەیفا وەهبی مایەوە کە بە گۆرانیبێژێکی تامیکەر ناوبانگی دەرکردووەو زۆرینەی ژنانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیش رکیان لێدەبێتەوەو بە سۆزانی ناوی دەبەن.

## ئایرۆنی

جەبار سابیر



# خەڵک بۆچی باشە

خەڵک واتا ئێمە. ئێمەش واتا کۆمەڵە مرۆڤیکی بێ دەسەڵات و لەڕو لاواز لەبەردەم دەسەڵاتێکی زەبەلاحی وەک حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەو دەسەڵاتەی رۆژی هەزاران وادەو بەڵێن لەدەمییەوە دەر دەچێ و کەچی دوای خەوی شەو هەمووی بیردەچێتەوە. ئێمە یەعنی ئەو مەخلوقگەلەی تەنیا بۆ رۆژی هەڵبژاردن دروستکراوین و دواتر هیچ مانایەک بەحکومەتی کوردی و بەرپرسەکانی کورد نابەخشین. خەڵک یەعنی ئەو پردەی کە بەڵک دێ بۆ پەرینەوە بەرەو سەروەت و سامان و بەختەوەری بۆ کۆمەڵە مرۆڤێکی تر. خەڵکی یەعنی مرۆڤگەلێک کەچارەنووس کردونی بەکۆیلەی دەسەڵاتێک و تەنیا لێیان وەردەگرێ هیچیان پێنابەخشێ. هەر عەینەن مێشولەی مەلاریا هەرچی خوێنیبەشرە دەیمژێ و لەبەرامبەردا هیچی پێنابەخشێ . لەکاتێکدا هەندێک بەکتریاو میکرۆبی تر هەن لەبەرامبەرد مژینی خێندا شتێک بۆ بەشەر جێدەهێڵن. لەسەروەختی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا یەک ملیۆن لا لافیتەو پۆستەردا خەرجکراو نوسراوی سەر هەر یەکیکیان بەڵینێکی گەورەبوو، لانیکەم بۆ دابینکردنی نەوت و تەواوی سووتەمەنیەکان، لابردنی باجی سەر علوەو سەوزەو میوەهات، لابردن و نەهێستنی گومرگ و سەرانەو زەریبەو کەرانە لەسەر خەڵک. ئیتر بەمۆرە هەر رستەبوو دەڕازێنرایەوەو دەخرایە بەرچاوی خەڵک تاباشتر بەرچاوی لێڵبێت هیچ نەبینێ، تەنیا ئەو چوار گۆشەیە نەبێت کەهێڵە راستەکەی پێدا دەهێنێ.

نەوت کرایە کۆبوون و هەر زستانەو بەرمیلیک بۆ هەر ماڵێک، جائیتر پێی گەرمەبنەوە یاخود سەرما دەیان رچێنێ ئەوە گرفتی خەڵکە نەک هی حکومەت و دەسەڵات. ئەو بەرمیل نەوتە سەرەتا بەنرخێکی زۆر رەمزی و هەرزان بوو، دواتر کەزانیان خەڵک هەر مەمنونەو سوپاسیشیان دەکات، کردیانە هەژدە هەزار دینار. نەخێر خەڵک هەر سوپاسگوزارو بەرد بێتە دەنگ ئەوان نایەنە دەنگ، بۆیە کردیانە سی و هەشت هەزار دینار. کەچی ئەم خەڵکەی کە ئێمەین هەر مەمنونین و ئیتر حکومەتیش بریاریداوە نرخیئەو بەرمیلە نەوتە بکاتە حەفتا هەزار ددینار. کەکوکیش قودس و دڵی کوردستانە. وتیان باجی سەر علوەکان لادەبەین کەچی کیلۆیەک تەماتە بەدوو هەزارەو کیلۆیەک هەرمێش بەهەشت هەزار دینارە. وتیان یترە باجی سەر قەسابخانەکان لادەبەین بۆ ئەوەی کە گۆشت هەرزان بێت کەچی کیلۆیەک گۆشت گەیشتە دەهەزار دینار.ئەمانە هەموو پەیوندیان بەحکومەتی مەرکەزییەوە هەیەو ئەو وایکردووە نری سووتەمەنی لەتەواوی عێراقدا بەرزبێتەوە لەکاتێکدا لەناو شاری بەغداد دا بتڵێک غاز بەپێنج هەزارەو لەسلێمانیش لەبیست هەزار نایەتە خواری. سەرباری ئەوەش کاتێک لەبەغداوە مووچەی خەڵک زیاد دەکریت لەکوردستان گوێی لێناگیرێ و تائێستایش کار بەو بڕیارە نەکراوە. لەهەموو شتە خراپەکانا پەیوەستن بەمەرکەزەوە کەچی لەشتە باشەکاندا پەیوەست نین ئەوە ئەو مەتەڵەیە خەڵک بۆی هەڵنایات یاخود بۆی هەڵدێت و ناوێرێ بەدەنگی بەرز وەڵامەکەی بداتەوە.

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

**دەڵێن** دوو لایەنە ئیسلامیەکەی ناو ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێشنیاریان کردووە کە بودجەی تەواوی ئەو لایەنانە ببڕدرێ کە لەناو ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکاندا نین!! من دەڵێم خوا بکات ئەوان پێشنیاری وایان نەکردبێ و بەناوی ئەوانەوە ئەم قسەیە فڕێ درابێ!

**نوێنەری** سەرۆکی هەرێم هەوڵی داوە ئەو بنەماڵەیەی کە دوو کەسیان لێکوژراوە و بکوژەکەش رادەستی دادگە نەکراوە سالحی عەشائری بکەن، منیش دەپرسم ئەگەر سەرۆکی هەرێم بۆ خۆی یاسا فەرامۆش بکات و پەنا بۆ سولحی عەشائری ببات، دەبێ بەرپرسە سەربازیەکان چۆن رەفتار لەگەڵ یاسا و دادگە و خەڵک دا بکەن!!

**لەبەر** ناکۆکی دوو بەرپرسی ناو یەک لایەن، بۆ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو لایەنە لە هۆڵێکی شایی شاری سلێمانی کۆڕ دەگێڕدرێ، لە کاتێکدا لەناو یەکێ لەبارەگاکانیاندا هۆڵی گەورەتر هەیە!!

**تا** بازاڕی بەنزینفرۆشەکانی سەر رێگەیەک پەکیان نەکەوێ لە بەنزینخانەیەکی شارۆچکەیەکی ئەم نیشتمانەدا لە شەوێکی بێ کارەبادا نزیکەی پێنج هەزار لیتر بەنزین دەرهێنراو بە نرخێکی باش فرۆشرا!! من نازانم بۆچی بەڕێوەبەری ناحیەکە خاوەن بەنزینخانەکەی بەبێ تاوان داناوەو گومانی لە کرێکارێک هەیە!!


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١



پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com